

## کیژی شیعر

لێم گەڕێ
لە گلێنەی چاوەکانت
دەنکە دەنکە ئەوین
بۆ گەردنی شیعری ڕووتم بهۆنمەوە
سەربەستم بکە کیژی شیعر
لە شەونمی بەر برژانگت
قومری ئاسا
تنۆکێ خۆشەویستی بخۆمەوە،
کتوپڕ هاتیت
وەك ئەوەی مانگ هاتبێتە ئەم فارغۆنەوە
هەموو شت وەك ڕووخسارت ئاڵ بوو
لە چاوتروکانێکیشدا ون بوویت
چی ئەبوو گەر لەم وێستگەیەدا دانەبەزیتایە؟
ئەم پەڕەسێلکەی دڵە مەنگەم
تا ئەبووە دێراوی شیعرێکی نوێ
لە ئاسمانی چاوەکانتا باڵە فڕەی بایە؟
توو چاوانت جارێکی دی
گەردنت بێ ملوانکەی قۆڵی حەزم مەکە
ئەم دڵە هەزار جار ڕەنجاوەم
بە خەزانی پایز مەکە
نە توو گیانت نەکەی تەنها جێم بهێڵی
من بەبێ تۆ شاعیرێکی کوێر و لاڵم
عەشامێکم لە شێتیما پێ خۆش مەکە،
گەر ویستیشت بۆ تەنهایی جێم بهێڵی
وەك بکوژەکەی سقرات ئاسا
پێش ڕۆیشتنت توو چاوانت
پێکێ ژەهرم دەرخوارد بدە،

پۆلا سەعید
خەزەڵوەری 2000

hozak© 2002 DK